گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی قوتابخانە لە هۆشیارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان - قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر بەنمونە

**سورێن ئەکرەم حمەنجم**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
surenakram@lfu.edu.krd

## پوختە

بەپێی پلانی توێژینەوەکەمان بەشی یەکەم بریتییە لە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاری کردنی چەمکەکان، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و تێیدا (گرفت، گرنگی، ئامانج، گریمانە)ی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو، لە باسی دووەمی بەشی یەکەمدا پێناسەی چەمکەکانی (ڕۆڵ، قۆتابخانە، ئالودەبوون، ماددەی هۆشبەر) کراوە. بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ خستنە ڕووی هۆکارەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان. بەشی سێیەم تایبەتە بە شیکردنەوەی دیاردەی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان لە ڕوانگەی دوو تیۆری کۆمەڵناسییەوە. هەروەها تەوەرەی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە و لەبەشی چوارەمدا (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، نمونەی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە، کەرەستە ئامارییە بەکارهاتووەکان) خراوەتەڕوو. بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، پاشان ئەنجام و پێشنیازەکان خراوەتەڕوو.

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٢/١٦
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*School, Durug Addiction, Social Impact Of Addiction, Rol Ofschool Against Drug Addiction, Social Control Theory, Subcultural Theory Of Delinquent*

Doi: 10.25212/lfu.qzj.7.1.6

## پێشەکی:

تەنگژەی خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکان ئێستا بەیەکێك لە چوار سەرەکی ترین کێشەکانی جیهان دادەنرێت لەگەڵ (پیس بون و لەناوچونی ژینگە، هەرەشەی ئەتۆمی، هەژاری، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان).

سێیەم بازرگانی لەدوای (چەك، نەوت) بە مادده هۆشبەرەکان دەکرێت و چەندین دەسەڵاتدار و وڵات و باندی لە پشتە، ساڵانە داهاتی مادده هۆشبەرەکان زیاترە 700 ملیارد دۆلار، واتا 8% هەموو بازرگانییەکانی جیهانە، بەپێی راپۆرتی UNODC نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان لەساڵی 2009 نزیکەی 175 – 250 ملیۆن ئالودەبوو هەبووە لە جیهان.(فائز ئیبراهیم محەمەد، 2013، 8) ئەم گرفتە کۆمەڵایەتییە کاریگەری لەسەر قوتابییان و گەنجانی هەرێمی کوردستان هەبووە، بۆیە پێویستە قوتابییان لەم گرفتە ئاگاداربکرێنەوە، وەزارەتی پەروەردە وەك ناوەندێکی فەرمی پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە بەم ئەرکە هەڵبستێت، لەو روانگەیەوە دەمانەوێت رۆڵی قوتابخانە لە هۆشیارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان بخەینەڕوو.

# تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

**1.گرفتی توێژینەوەکە:** ڕۆژانە ژمارەی ئالودەبوانی مادده هۆشبەرەکان لەزیادبوندان و زۆرینەیان هەرزەکار و گەنجن، زۆرینەیان قوتابین یان قوتابی بوون، بۆیە وەك گرفتی توێژینەوەکە دەمانەوێت رۆڵی قوتابخانە بزانین لە هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.

**2. گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە رۆڵی وەزارەتی پەروەردە لە بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها رێگا و شێوازەکانی بەرەنگاربونەوەی ماددده هۆشبەرەکان شیدەکاتەوە، دواجار دەکرێت چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەك بدرێتە وەزارەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی قوتابییان و کەمکردنەوەی ژمارەی ئالودەبوان لە هەرێمی کوردستان.

**3. ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە ئامانجەکانی لە چەند خاڵێکدا دەخرێنە ڕوو:

أ. ئایا (پرۆگرامەکانی خوێندن، ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، مامۆستایان، بەڕێوەبەران، تەلەفزیۆنی پەروەردە....) چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان؟

ب. ئەگەر ئاگادارنەکراونەتەوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە چ جۆرە هەنگاوێك هەڵهێنێت و بەم کارە هەڵبستێت؟

ت. شیکردنەوە و خستنەڕووی هۆکارەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.

**4. گریمانەی توێژینەوەکە:**

أ.قوتابییان لە قوتابخانەدا هۆشیارنەکراونەتەوە لە مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان.

ب. وەزارەتی پەروەردە پلانی ورد و تۆکمەی نەبووە بۆ هۆشیارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان

### 1. ڕۆڵ:

بونیادی کۆمەڵایەتی شی دەکرێتەوە بۆ چەند دەزگایەکی کۆمەڵایەتی، دەزگاکانیش شی دەکرێنەوە بۆ چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی. هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێك ئەرکی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت کە تاك ئەنجامیان دەدات بەپێی توانا و شارەزایی و ئەزموونی خۆی، ئینجا لەپاش ئەنجامدانی ئەرکەکانی دەبێتە خاوەن چەند مافێکی ماددی و مەعنەوی، پێویستە مافەکانیش لەگەڵ ئەرکەکاندا یەکسان بن. ) Jonathan H Turner, 2006, 61) هەر تاکێك چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی داگیر دەکات؛ ئەو ڕۆڵانەش پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو تاکە دەست نیشان دەکەن لەدواییشدا هێز و چینەکەی بەو ڕۆڵە دیاری دەکرێت. ئەو ڕۆڵەی تاکێك پڕی دەکاتەوە یان داگیری دەکات ڕەفتاری ڕۆژانەی ئەو تاکە دیاری دەکات هەروەها دەست نیشانی پەیوەندیەکانی دەکات لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەسەر هەردوو ئاستی فەرمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و نافەرمی (Horst Jurgen Helle, 1985, 89 ) تاکێك ناتوانێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی بەباشی بگێڕێت بەبێ مەشق کردن لەبارەیەوە، مەشق کردن و ڕاهێنانیش لەسەر ئەنجامدانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی کرداری و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە دەبێت. لەکاتی کارلێك کردنی ڕۆڵێك لەگەڵ چەند ڕۆڵێکی دیکەدا ؛ هەر یەکێك لەو ڕۆڵانە یەکتری هەڵدەسەنگێنن کاتێکیش هەڵسەنگاندن دەکات بەخاوەنی ڕۆڵەکە ئەوە کاردەکاتە سەر ئەو کەسە لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا بۆیە دەبێتە هۆی کاراکردنی ڕۆڵەکە و زیاد کردنی چالاکی.(John Rex, 1998, 103)

بەشێوەیەکی گشتی مەبەستمان لە ڕۆڵ بریتییە لە شێوەی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاك؛ بەپێی ئەو پێگە جیاوازانەی کە هەیەتی دەبێـت ئەنجامی بدات، تاك چەند ڕۆڵی هەبێـت ئەوەندە ئەرك و مافی هەیە، هەتا ڕۆڵەکانی زۆرتربێت فشار و ماندووبونی زیاتری لەسەرە، تاك کاتێك لەناو کۆمەڵگە دەژی چەند ڕۆڵێك داگیر دەکات و ئەگەر بەتەنها لە دارستانێك بژی هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی لەسەر نییە.

## 2. قوتابخانە: المدرسه School

وشەی قوتابخانە school لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و لە schule واتا کاتی دەست بەتاڵی دەگەیەنێت، بۆ ئەو منداڵانەش بەکاردێت کە توانای کارکردنیان نییە و زۆربەی کاتەکان بەبێ کار بەسەر دەبەن بۆیە دەبێت سەرقاڵ بکرێن بە پەروەردە و فێرکردنەوە، قوتابخانە بەو مەبەستە سەری هەڵدا تاکو منداڵ فێر بکرێت و بناغەی ئایندەی بۆ دابنرێت(Mark H. Munn, 2000, 133)

قوتابخانە ئەو دەزگا فێرکاری و پەروەردەییانەیە کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە سەرپەرشتی دەکرێن و دابەشکراون بەسەر چەند پۆل و قۆناغێك، قوتابی ئامادەدەکەن بۆ زانکۆ (Hilary Cooper, 1995, 158)

قوتابخانە یەکێکە لە ناوەندەکان پەروەردەکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك، دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە کە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگە دەدرێت بە دامەزراندنی، کەسی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامە تێیدا وانە دەڵێتەوە(Lez Smart, 1994, 49) .

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین قوتابخانە ناوەندێکە؛ وەزارەتی پەروەردە بابەتی خوێندن و یاسای تایبەت بۆ سەرجەم قوتابخانەکان دادەڕێژێت، خوێندن قۆناغ بەقۆناغە و چەندین پێوەر هەیە بۆ پەڕینەوەی قوتابی لەهەریەك لەو قۆناغانەدا، هەموو وڵاتێك سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە

قوتابخانەکاندا دەیسەپێنێت بۆ خوێندن. قوتابخانە لێکدراوی ووشەی قوتابی + خانە یە، قوتابی لە چەمکی (کتاب)ی یان ئەوانەی خوازیاری کتێبن داتاشراوە، خانە واتا (ناوەند، وێستگە، شوێن) دێت و پێکەوە دەبنە جێگایەك کە شوێنکەوتەی کتێبی تێدا کۆدەبێتە و زانستی تێدا دەگوترێتەوە، تاك تێیدا پەروەردە دەبێت و ئامادەدەکرێت بۆ ژیانێکی باشتر.

### 3. قوتابی (Student)

قوتابی ئەو کەسەیە کە خوازیاری زانینە و لە دامەزراوەیەکی فێرکاری دەخوێنێت بۆ خوێندنی پسپۆڕییەکی دیاری کراو و لەپێناو پاشەڕۆژی خۆی و گەلەکەی خوێندن لە قۆناغێکی ژیانیدا دەکاتە پیشە بەپێی لێهاتووی خۆی، بەم شێوەیە قوتابی توێژێکی باڵا و فراوانی کۆمەڵگەیە، زانستەکان پلە بە پلە فێر دەبێت(Geoff Whitty, 2003, 56)

قوتابیان لاوانێکن لەناوەندێکی خۆ ڕۆشنبیرکردنن و هەوڵی پراکتیزەکردنی کاری باش و بەسود و جوانن، قوتابی لەوقۆناغەدا کۆشش دەکات بۆ زیاتر فێربوونی ئەو شتانەی کە نایزانێت هەوڵی زانینی دەدات ئەمەش لەپێناو گەورەبوونی عەقڵ و هزر و ڕێکخستنی کاتەکانی و دابەشکردنی بەسەر لایەنکانی تری ژیان(Patricia J. Gumport, 2007, 41)

قوتابی ئەو کەسەیە کە لە بوارێکی تایبەت و دیاری کراو دا لە خوێندنی باڵا یان لە خوێندنگادا دەخوێنێت، هەوڵی فێربوونی زانست و زانیاری دەدەن بەشێوەیەکی ئەکادیمی، ئامانجیان بەدەست هێنانی بڕوانامەیەکی زانستی؛ دان پێدانراوە و وەك کەسێکی ڕۆشنبیر سەیر دەکرێت

بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە قوتابی بریتییە لەو تاکەی کە لەدەزگایەکی فەرمی و ئەکادیمی سەرقاڵی خوێندنە و هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و وەرگرتنی پسپۆڕی و بڕوانامەیەکی باوەڕپێکراو.

### 4. ئالودەبون: Addiction

ئالودەبوون بارێکی دەروونی یان جەستەیی یان هەردووکیانە، لەئەنجامی وابەستەبوونێکی سەپێنراوانەی کەسێك بەدەرمانێك یان ماددەیەکەوە پەیدا دەبێت، تیایدا داواکاری و پێویستی بۆ

پەنابردن بۆ ئەم ماددانە هەمیشە نوێ دەبێتەوە لە پێناوی دەستبەربوونی بارێکی مەزاژی یان بۆ خۆ دوورخستنەوە لە هەست کردن بە بێزاری و نائارامی بەکاردەهێنرێت( .Arthur Blume, 2005, 62)

ئالودەبوون مانای ئەوەیە کەسێك خوو بەهەرشتێك بگرێت بەرێژەیەکی زۆر و نەتوانێت وازی لێ بهێنێت، ئالوودەبون جۆریان زۆرە لەوانە ئالوودەبون (بەماددە هۆشبەرەکان، جگەرە، کهول، ئەنتەرنێت(David W. Self **and** Julie K. Staley Gottschalk, 2010, 221) . ئالودەبونە بەشتێك ئەگەر ئالودەبوو نەتوانێت بەدەستی بهێنێت و بەکاری بهێنێت توشی دۆخێکی دەرونی شێواو دەبێت. دۆخێکە ئەگەر خوگرتو بەکاری نەهێنێت ئەوا جەستە ئازارێکی زۆری دەبێت؛ یان بریتییە لە حەز یان بەستانەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردەوام کەسانێك هەندێك ماددە بەکاردەهێنن (Charles Herrick, 2007, 99)

بەشێوەیەکی گشتی مەبەستمان لە ئالودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکان بریتییە لەوەی ئالودەبوون بارێکی نالەباری جەستەییە، تاك پاڵ دەنێت بۆ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، لەئەنجامی ئەمە توشی جۆرەها لادان و تاوان و لێکەوتی سلبی جەستەیی دەبێت.

### 5. ماددە هۆشبەرەکان: Drug Addiction

ماددە هۆشبەرەکان یان سروشتین یان دروستکراون، کاریگەری هەیە لەسەر تێکدان و کەم کردنی چالاکی مێشکی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی کەم، هۆشی تاك دەبەن، وای لێدەکەن هەست بە شتەکانی دەوروبەری نەکات. (Rahman Shafiqur, 2016, 201)

ماددەهۆشبەرەکان هەموو ئەو ماددانەیە دوای بەکارهێنانی دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی کاتی هەست، ئەو ماددەیە ئەگەر بەردەوامبێت لەسەری یان بەرێژەیەکی زۆر بەکاربهێنرێت کاریگەری هەمە لایەن و سلبی لەسەر مرۆڤ دەبێت ( Avram Goldstein, 2001, 229)

هەروەها ئەو ماددانە دەگرێتەوە ئەگەر تایبەت بەخۆی و لەبواری خۆیدا بەکارنەهێنرا بۆ جیاواز لە ئامانجی پزیشکی دەبێتە هۆی ڕاهاتن یان ئالودەبوون کە هاوواتای بەندایەتییە؛ کەسی گیرۆدەبوو دەبێتە بەندەی ئەو مادەیەی گیرۆدەی بووە ئەمەش زیان بە لەش و دەروونی تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. (Committee, 1996, 251)

بەشێوەیەکی گشتی مەبەستمان لە ماددەهۆشبەرەکان بریتییە لەو ماددانەی دەبنە هۆی بێ هۆشکردنی کاتی و شوێنەواری هەمیشەیی لەسەر مرۆڤ، بەکارهێنان و بەردەوام بوون لەسەری دەبێتە هۆی ئالودەبوونی بەکارهێنەری، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین تاوان و لادان و شوێنەواری کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو ماددانە کە لەدوای بەکارهێنانی هەڵوەسە یان تاك خەواڵو دەکات، جگە لەو مادانەی بۆ مەبەستی پزیشکی بەکاردەهێنرێت تاك ناچار دەکات بۆی بگەڕێتەوە و چەندین شوێنەواری نێگەتیڤ لەسەر تاك دروست دەکات.

**بەشی دووەم: هۆکارەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان**

**باسی یەکەم: هۆکارەکانی خوگرتن لە ئاستی وورد**

دەروونناسان لایەنگری ئەم پاڵنەرەن وهۆکارەکان بۆ خودی تاك دەگەڕێننەوە، پێیان وایە چەندین پاڵنەر و هۆکاری دەرونی و نەخۆشی دەرونی هەیە تاك ئالودە دەکات بەو ماددانە.

**1. هۆکارە دەرونییەکان:**

کەسانی دەماغ ماندوو و ناهاوسەنگ و پەژارە، بەکارهێنای مادده هۆشبەرەکان بە باشترین ڕێگا دەزانن بۆ ئارام بونەوە، هەست ناسکەکان و ئەوانەی زو کاریان تێدەکرێت، بۆ زاڵبون بەسەر ناخۆشییەکانیان مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، ئەوانەی توشی خەمۆکی و دەبن و هەست بەتەنهایی دەکەن زیاتر ئالودە دەبن، هەروەها (شکست پەیوەندییە سۆزدارییەکان ، نەبونی ئامانج و سەرلێشێواوی و نادیاری ئاینده، لەدەستدانی هیوا، بێ باوەڕی بەخود، شکاندنی کەسایەتی....)هۆکاری ئالودەبوون بە مادەە هۆشبەرەکان.

**2. توشبوانی نەخۆشی دەرونی زیاتر ئالودەی مادده هۆشبەرەکان دەبن:**

أ. نوروتیك: نەخۆشییەکی دەماری دەرونییە بەهۆی ململانێ لەنێوان دەرون و دەرەوەی تاك دروست دەبێت، نەخۆش ناتوانێت لەنێوان دوو هێزی جیاواز یەکێکیان هەڵبژێرێت؛ تاك هەست بە نائاسودەیی و ترس و بێ بڕیاری دەکات.

ب. سایکۆپات: تاك ناتوانێت لە بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە تێبگات و لە ئەنجامدا لە دەستور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان سەرپێچی دەکات؛ ڕەچاوی ئامانج و پێوەرەکۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە

ناکات چونکە (منی باڵا)یان گەشەی نەکردوە و تاریکی سەرەتای ویژدانی گرتۆتەوە؛ بێ شەرم و بێ هەست کردن بە گوناە و دڵەڕاوکێ و ترس دەست بەکاری ناڕەوا و دژی بەئەخلاق دەکەن و هیچ مافێك بۆ هیچ کەسێك دانانێن جگە لەخۆیان و ناتوانن پەیوەندی سۆزداری سەرکەوتووبن، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ماددە هۆشبەرەکان تاکو هەست بە ئارامی دەرونی بکەن.

ج. هایپۆکوندریا: تاکی توشبوو بەم نەخۆشییە دەرونییە هەست دەکات جەستەی نەخۆشە بەڵام لەڕاستیدا هیچ کێشەیەکی تەندروستی نییە، ترسێکی لەڕادەبەری بۆ دروست دەبێت لەبارەی تەندروستی خۆیەوە و پێی وایە نەخۆشییەکی هەیە کە چارە ناکرێت.

د. خەمۆکی: یەکێکە لە هۆکار و پاڵنەرە دەرونییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان.

ه. سایکۆسۆماتیك: بریتییە لە نەخۆشییە جەستەییە کە هۆکارەکەی دەیونی تاکەکەیە وەك (برینی گەدە، کۆڵۆن، خەوزڕان، غودە...) ئەم نەحۆشییە جەستەییانە هەندێکجار تاك توشی ئالودەبون بە ماددەهۆشبەرەکان دەکەن.

* شیزۆفیرینیا: زۆرجار شێتی گەنجانی پێ دەگوترێت، ئەوانەی توشی ئەم نەخۆشییە دەبێت گرنگی بە ڕواڵەتی خۆی نادات و زۆر بێ سۆزە لەگەڵ خەڵکانی تر، کۆمەڵگە بەدوژمنی خۆیان دەزانن و بەدبینن، گۆشەگیر و پەرێشانن بۆیە لەپێناو نەهێشتنی ئازارە دەرونییەکان پەنا بۆ بەکارهێنانی ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان دەبەن. (فائیز ئیبراهیم محەمەد ...)

فاکتەری لاوازی ئیمان و باوەڕبون بە سزا ئاینییەکان هۆکارن بۆ ئالودەبون بە ماددە هۆشبەرەکان، هەندێکجار تاك دەرونێکی لاوازی هەیە و توانای نییە لە کێشە و مەینەتییەکانی ژیان بەرەنگاری بکاتەوە بۆیە ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان دەبێت، یان هەندێجار تێڕوانینێکی پۆزەتیڤیان هەیە بۆ ماددە هۆشبەرەکان وەك ئەوەی دەڵێن: ڕوخسارت جوان دەکات، چاوت مەست دەکات، بەهێزت دەکات... ئەم پیاهەڵدانە دەبێتە هۆی بەکارهێنان و ئالودەی ماددە هۆشبەرەکان.

هەندێك لەسەرەتادا بۆ چالاك بون لەکاتی وانە خوێندن یان وەرزش کردن بەکاری دەهێنن و دواجار ئالودە دەبن، یان بۆ شکاندن و کەمکردنەوەی ئازاری جەستە بەکاری دەهێنن، زۆرێك لە هەوڵدان بۆ سەرکەوتن شکست دەهێنێت و ناتوانێت بزاوت بکات لە ژیانیدا بۆیە ئەم ماددانە بەکاردەهێنێت، یان بۆ هەڵاتن لە کێشە و گرفتەکانی ژیان. هۆکارن بۆ ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم: هۆکارە جەستەیی و بایۆلۆژییەکان**

1. هۆکاری بۆماوەیی و جینییەکان: خوپێوەگرتنی دایك و باوك؛ ئەو ژەهرە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵی کۆرپە و ئالودە دەبێت.

هەندێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەندێك ماددەی کیمیایی لە مێشکی مرۆڤدا بەناوی (ئاندرۆفین، سرۆتۆنین، دۆپامین) نییە ئەم جۆرە کەسانە زیاتر پەنا دەبەنە بەر مادده هۆشبەرەکان و وەك جێگرەوەی ئەو ماددانە بەکاری دەهێنن.

2. هۆکاری نەژادی: زەردپێستەکان و سپی پێستەکان زیاتر لە ڕەشپێستەکان ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان دەبن.

3. هۆکاری ڕەگەزی: ئافرەتان کەمتر لە پیاوان ئالودە دەبن بە مادده هۆشبەرەکان ، بەڵام شوێنەواری نێگەتیڤی زیاتر لەسەر ئافرەتان هەیە.

4. هۆکاری تەمەن: بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی نەتەوە یەکگتووەکان 72% ئالودەبوانی جیهان لەخوارەوەی تەمەنی 25 ساڵیدان، تیۆری دەروازە لە تاوانناسی باس لەوەدەکات زۆربەی زۆری گەنجانی ئالودەبوو لە جگەرەوە دەست پێدەکەن.

5. ئەوانەی ئازاری جەستەییان هەیە و بۆ شکاندنی ئازارەکانیان دەرمانە هێور کەرەوەکان بەکاردەهێنن. D. C. Des Jarlais and others, 1991, 188

**باسی دووەم: هۆکاری خوگرتن لە ئاستی ناوەندیدا**

ئاستی ورد پەیوەستە بە تاکەوە، ئاستی قەبە پەیوەستە بە کۆمەڵگەوە؛ بەڵام ئاستی ناوەند پەیوەستە بەو ژینگە بچوکەی تاك تێیدا دەژی و زیاتر کەناڵەکانی بەکۆمەڵایەتی کردن و پێگەیاندنی تاك دەگرێتەوە.

1. **خێزان**: لە ئاستی ناوەندی سەرەکی ترین هۆکارە بۆ ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان، توێینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن زۆربەی زۆری ئالودەبووەکان لە خێزانی ناجێگیر و پرکێشەدا لەدایك بون و ژیاون.

- لەیەکترازان و تەڵاق سەرەکی ترین هۆکاری هەست کردنی تاکن بە نائارامی و پەرێشانی، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە، مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- هەندێك لەوانی لە هاوسەرەکانیان نیگەرانن و لەکێشەدان لەگەڵی پەنا دەبەنە بەر ماددە هۆشبەرەکان. ( زیاد محمود العاني, کارزان فقي خليل كريم، ٢٠١٨)

- هۆکاری نەبونی چاودێری خێزان لەسەر تاك و کۆنترۆڵ نەکردنی رەفتاری تاك پاڵنەرە بۆ ئالودەبون بە ماددە هۆشبەرەکان.

- ئالودەبونی یەکێك لە ئەندامەکانی خێزان و لاسایکردنەوەی ئەندامەکانی تر، بەتایبەتی باوك و براگەورە و ئەوان دەبنە ژێدەر بۆ گەنجان و هەرزەکارانی ناوخێزان.

- سواڵکردن و کارکردن بەمنداڵ و پشتگوێ خستنی منداڵ، لەشفرۆشی و کاری ناپەسەند لەلایەن دایك و باوکانەوە هۆکارن بۆ ئالودەبونی تاك. Fight the New Drug, 2013, 123

- لەدەستدانی دایك یان باوك بەهۆی ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی یان قەدەرەوە؛ نەمانی کۆنترۆڵ لەسەر منداڵ.

- نەبونی پابەندی خێزان بە ئەرکە ئاینییەکان و لادان لە فەرمایشتە ئاینییەکان.

- جیاکاری لەنێوان منداڵان بە هەر هۆکارێکی ( ڕەگەز، تەمەن، زرکوڕ و کچ ...) و نەدانی سۆز و خۆشەویستی بەمنداڵەکان، نەبونی هاودڵی و خەمرەوێنی منداڵ هەروەها زێدەڕۆیی لە پێدانی خۆشەویستی و چاوپۆشی کردن لە هەڵەکانی منداڵ.

- سەڵت بون و ژن نەهێنان و تێکەڵبون لەگەڵ تاکی سەرکەش و هەوازباز...

- هەڕەشەکردن لە منداڵ و دەرکردنی لەماڵ، کاتێك منداڵ یان هەرزەکار شوێنێکی ئارامتر لە ناو خێزان دەدۆزێتەوە ئەوا تەواوی رەفتارەکانی ئەو شوێنە پەیرەو دەکات.

- نەخوێندەواری دایك و باوك، زۆری ژمارەی منداڵ و پەروەردەیەکی ناتەندروست و ناچونیەکی لە پاداشت و سزا.

- چاودێری نەکردنی هاتوچۆی منداڵ و هەرزەکاران و نەزانینی هاورێکانی گەنجان.

- هەژاری و نەبونی خۆشگوزەرانی و کەیفسازی لەناو خێزان... هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لە ئاستی خێزان هۆکارن ب ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان. George F. Koob and others, 2014, 89

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2. هاوڕێ

ناوەندێکی سەرەکی پێگەیاندنی تاکە، چەندین تیۆری وەك (لاسایکردنەوە، وورده کەلتور، هاودەمی جیاواز ...) جەخت لەسەر هاوتەمەن و گروپی هاوڕێیان دەکەنەوە. لە قۆناغی هەرزەکاری کاریگەری خێزان لەسەر ئەندامەکەیان کەم دەبێتەوە و دەکەونە ژێر کاریگەری هاوڕێکانیان و گەڕەکی نیشتەجێ بوون وەك ( تیپی یاری کردن، بازنەی هاوڕێیان، هاوڕێیانی قوتابخانە...) ئەوان هانی یەکتر دەدەن تاکو وەك یەك بن و یەك جۆرە ڕەفتار و پەیڕەویان هەبێت.

تاك زۆربەی جار لەناوخێزاندا ئەو تاکە نییە وەك ئەوەی لەناو هاوڕێکانیدایە، تاك لەناو گروپدا نە فەرماندەیە و نە فەرمان بەرسەر کراو، زۆر کەم هەیە خۆگرتوویەك بانگەشەی بۆ مادده هۆشبەرەکان نەکات و پێیدا هەڵنەلێت هەوڵ دەدەن کە خەڵکانی دیکە توش بکەن، هاوڕێیان بەتایبەتی لە دەرەوە قوتابخانە کۆ دەبنەوە و مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن. William Dudley, 2014, 213

### 3. قوتابخانە

گوێنەگرتن لە داخوازی قوتابی، سەرنەکەوتنی قوتابی لە خوێندن، کۆنترۆڵنەکردنی ژینگەی قوتابخانە لەلایەن کارگێڕی قوتابخانەوە، کۆنترۆڵنەکردنی هاتن و چون و ئامادەبونی قوتابی لە قوتابخانە، نەبونی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ بەخێوکەری قوتابی و قوتابخانە، نەبونی سیستەمێکی پەوەردەیی گونجاو کە هاوشانی کەناڵەکانی تری پێگەیاندن بێت، نەبونی یاسا یان جێبەجێنەگردنی یاسا لە قوتابخانە، شکاندنی کەسایەتی تاك لەناو قوتابخانە.... وا لەقوتابی دەکات کاردانەوەی هەبێت بەرامبەر بە قوتابخانە و واز لە قوتابخانە بهێنێت، یان لەبەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ تاك توشی ئەم ماددانە دەبێت لەبەر چەندین هۆکاری هاوڕێ و دووری لەخێزان و هەستکردن بەتەنهایی (Patricia J. Gumport, 2007, 41)

### 3. فاکتەری ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری تاك هەیە، ریکلام و بانگەشەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ تاك ڕادەکێشن بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، زۆرجار دەوڵەتێك بەهۆی بەرنامەی تەلەفزیۆنی و دراما و پەخشی خۆیەوە کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکە دادەنێت و بەها و پێوەرەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی لەسەریان دەسەپێنێت، پەخش كردنی فیلمی نەشیاو كاریگەری لەسەر تاكەكان دەبێت بۆ لادان و بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان.( هاوری نورالدين صابر & ,مسعود حميد إسماعيل، ٢٠١٨)

**باسی سێیەم: هۆكارەكانی خوپێوەگرتن لە ئاستی قەبەدا**

ئەم فاكتەرانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی تاكن و كۆمەڵناسان لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوە دەكەن، وەك:

**1. هۆكاری جوگرافی:**

شوێنی هەڵكەوتەی وڵاتێك یان ناوچەیەك كە مادده هۆشبەرەكانی تێدا بڵاوە دەبێتە هۆی ئەوەن تاكەكانی ئەو ناوچەیە بەهۆی بەردەستبونی ماددەكان زوتر و ئاسانتر ئالودە بن، لاوازی دەوڵەت لە پاراستنی سنور هۆكارێكی ترە لە بڵاوبونەوەی ئەو ماددانە. ( مەهدی بەدری، 2007، 69)

**2. بە ئاسان بەردەست بونی مادده هۆشبەرەكان:**

ئەگەر ئاسان ئەو ماددانە بەردەست بكەون ئەوا بەهەمان ئەندازە تاكەكان ئاسانتر ئالودە دەبن. هەتا ژمارەی دانیشتوانی وڵات زیاتر بێت زۆرتر تاكەكان مادده هۆشبەرەكان بەكاردەهێنن و كۆنترۆل لاوازتر دەبێت لەسەریان چونكە كەمتر دەستیان دەگات بە (خوێندن، كار، نیشتەجێ بون، ....) ئەمەش كار لەسەر دەرونی تاك دروست دەكات و وایان لێ دەكات پەنا ببنە بەر مادده هۆشبەرەكان.

3. كۆچكردن لە گوندەوە بۆ شار و ناوچە پەراوێزخراوەكان و هەژاری ناچاریان دەكات بچنە باندەكانی ماددەهۆشبەرەكان و كاری ڕەش و نایاسای بكەن؛ یان لە وڵاتێكەوە بۆوڵاتێكی تر چەندین كێشە دروست دەكات وەك نەبونی كار، فشاری دورە وڵاتی، دوری تاك لە كۆنترۆڵی خێزان و وەرنەگرتنی مۆلەتی كار و مافی هاوڵاتی بوون.... تاكەكان ئالودە دەكات.

4. لاوازی یاسا و هێزی پاراستن و هەواڵگری وڵات، سزانەدانی قاچاقچییان و دروستبونی مافیا ودەستەی بازرگان (عەلی مورتەزەوی، 2009، 55)

5. هۆكاری سیاسی:

داگیركەران بەچەندین شێوە وڵات داگیر دەكەن، یەكێك لەو ڕێگایانە سستكردنی توانای گەنجان و تەپ كردنی توانای شۆڕشی گەنجانە، هەروەها دژایەتی نەتەوەیی و نیەتی لەناوبردنی توانای گەنجان و ڕوخاندنی داهاتووی وڵات یەكێكە لە مەبەستە دوژمنكارییەكانی وڵاتە ناحەزەكان بۆ وڵاتێكی تر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەڕ و تەنگژەی سیاسی و ڕوخانی بنیادی ئابوری وڵات و بڵاوبونەوەی هەژاری و زۆربونی بێوەژن و هەموو شوێنەوارەکانی جەنگ دەبنە زۆربونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانیش پاڵنەرن بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.Ahmed Babakr Ahmed, Hogr Ibrahim Hakeem

نادادپەروەری سیاسی و نەبونی سیستەمێکی سیاسی جێگیر و دژایەتی کەمینە و بەهەند وەرنەگرتنی تواناکانی گەنجان و بێ هێوایی گەنجان لەداهاتووی ژیانی خۆیان؛ دەبێتە هۆی نامۆبون و خەمباری تاکەکان و بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان( Hawre Kamal Muhammed, Badr Mohammed Taher Mustafa، ٢٠٢١)

6. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

بێکاری هۆکارێکی گەورەیە لە تێدانی ژیانی گەنجان و بێ هیواکردنیان، بێکاری تاك هەت بە ئارامی و جێگیری ژیان ناکات، هەروەوەها (بێکارە دەوڵەمەندەکان) کاتەکانیان بە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان پڕدەکەنەوە، شوێنی کار؛ کاریگەری تەواوی لەسەر رەفتار و پەروەردەی تاك هەیە، بێکارە هەژارەکان کاتیان زۆرە و هەندێك جار بە ماددەهۆشبەرەکان پڕی دەکەنەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ناو ژینگەی کار کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر دەرون و میزاجی تاك، کاتێك تاك فشاری لەسەرە و ئاسودە نییە لە کارەکەی و کاری تری دەست ناکەوێت ... هەندێکیان ماددەهۆشبەرەکان بەکاردەهێنن.

چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێکی ترە وا لەکاتەکان دەکات کە ماددەهۆشبەرەکان بەکاربهێنن، کاتێك تاکەکان ناتوانن واقعی چینایەتی بگۆڕن و بێ هیوا دەبن؛ لەڕووی دەرونییەوە هەست بە شکست دەکەن و لەو واقعە تاڵە هەڵدێن، هەستکردن بە (نەبوون) ژیانی تاك دادەڕمێنێ و ئالودەی دەکات.

لاوازی پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان؛ تاك خەمبار و پەرێشان دەکات، کاتێك تاك توشی کێشەیەك دەبێت و کەس بەهانایەوە ناچێت ئەویش هەست بە بێ کەسی و نەبونی دڵسۆزێك دەکات و بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان. Nancy D. Campbell and Elizabeth Ettorre, 2011, 164

ماددەگەرایی و ژیانی مەکینەیی، لە سەردەمی سەرمایەداریدا بەهای هەموو شتەکان بە پارە هەڵدەسەنگێنرێت؛ مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و کۆکردنەوەی پارەدایە،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیانی سروشتی و هەبونی میزاجێکی عیرفانی بەرەو نەمان دەچێت، ژیانی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا وای لەمرۆڤەکان کردووە هەمیشە لە ڕاکردن بن بۆ کڕین و بەدەستهێنانی بەرهەمە تازەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ مۆدێلەکان، مرۆڤەکان بەچەندین شێوە بونەتە کۆیلە و لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە بەکاردەهێنرێن؛ بۆ ڕزگاربونی لەم ژیانە گەر بۆ ساتێکیش بێت هەوڵ دەدات ماددە کهۆلییەکان و هۆشبەرەکان بەکاربهێنێت. (م. م کارزان فقی خلیل,2017)

6. هۆکارە کەلتورییەکان

گۆڕانی خێرای کەلتوری هۆکارێکە بۆ بڵاوبونەوەی ماددەهۆشبەرەکان چونکە تاك لەگەڵ ئەو سیستەمە تازە کۆمەڵایەتیە ناتوانێت و نازانێت چۆن بگونجێت؛ ئەمەش فشای بۆ دروست دەکات چونکە توشی (تەنگژەی ناسنامە) دەبێت و نازانێت بە کام پێوەر ڕەفتار بکات.

نەبونی هۆشیاری مەعریفی و نەزانینی زیانەکان بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، توێژینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن هەتا ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری تاك بەرزبێت کەمتر ماددەهۆشبەرەکان بەکاردەهێنێت.

هەبونی ووردەکەلتوری خوگرتن بە ماددەهۆشبەرەکان لە ناو کۆمەڵگەیەکی خۆجێی.

خوگرتنی کەسایەتییە ناودارەکان و دروستکرنی کاریگەری لەسەر هەواداران و شوێنکەوتووەکانی ئەمەش بەپێی تیۆری لاسایکردنەوەی گابریل تار شیکراوەتەوە.

هۆنراوە و ئەدەبیاتی عیرفانی جۆرە چێژ و ڕازاندنەوەیەکی ڕاکێشەر دەدەنە گەنجان و سەرنجیان ڕادەکێشن بۆ ماددەهۆشبەرەکان.Rafael Maldonado, 2002, 258

7. هۆکارە ئاینییەکان

نەبونی هۆشیاری ئاینی و پابەند نەبون بە ئەرکە ئاینییەکان؛ لاوازی باوەڕ بە ئاینەکان هۆکارێکی ترن بۆ ئابودەبون بە ماددەهۆشبەرەکان چونکە ئاین یەکێکە لەناوەندە سەرەکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکان. بۆیە دەتوانین بڵێین لاوازی ڕۆڵی خانەکانی خواپەرستی و مامۆستایانی ئاینی لە شیکردنەوەی دەقە ئاینییەکان؛ ژمارەی ئالودەبووەکان زیاد دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بەشی سێیەم: شیکردنەوەی ئالودەبونی تاك لە مادده هۆشبەرەکان لەژێر ڕۆشنایی دوو تیۆری کۆمەڵناسی تاوان**

**یەکەم: ئەلبەرت کۆهین Albert Cohen**

کۆمەڵناس و تاوانناسێکی ناوداری ئەمریکییە؛ لە نێوان 1918 – 2014 ژیاوە، تیۆرەکەی بەناوی Subcultural Theory of delinquent urban gangs) وردە کەلتوری گەنجە لادەرەکانی شار) لە 1955 بڵاو کردەوە. لەساڵی 1942 لە زانکۆی ئندیانا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە، ئەم تیۆرەی لە کتێبەکەیدا بەناوی Delinquent Boys: Culture of the Gang بڵاوکردەوە، کۆهین سەرۆکی کۆمەڵەی تاوانناسانی ئەمریکا بوو لەنێوان ساڵانی 1984 – 1985 بۆ ماوەی دوو ساڵ قوتابی تالکۆت پارسۆز بوو و لەژێر سەرپەرشتی پارسۆنزدا تێزی دکتۆراکەی لەزانکۆی هارڤارد نوسی؛ لە ساڵی 1951 تەواوی کرد پاشان لە 1988 خانەنشین کرا.

ئەو پێی وایە کاتێك تاك لە شوێنێك دەژی کە وردە کەلتوری تاوانکاری تێدایە؛ تاك بەهۆی فێربونەوە فێری تاوان دەبێت، ئەوانەی هەمان دۆخی ژیانیان هەیە بەگشتی هەمان ڕەفتار و چارەنوسیان هەیە. تیۆرەکەی لە بواری تاوانناسی ناوی ( Delinquent Boys)ە، ئەم تیۆرە نایەوێت شیکردنەوە بۆ هەموو تاوانەکانی کۆمەڵگە بکات؛ بەڵکو تەنها بەدوای ئەو هۆکارەدا دەگەڕێت کە ئایا بۆچی زۆربەی تاوانکاران لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەن؟ کۆهین لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە:

منداڵان پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە لە ژیانی ماڵەوەیاندا لەجیهانی خەیاڵدا دەژین و خەون بە ئاسۆیەکی ڕونەوە دەبینین، جیهان وەك بەهەشتێکی بچکۆلەیە لەبەرچاویان. بیرلەوە دەکەنەوە کە گەورەبون ژیانیان چۆن بێت و چۆن خەونەکانیان بەدی بهێنن!! ئەم خەونانە لە کۆمەڵگەوە بەتاك دەدرێت، هیوا و ئامانجەکان لەکۆمەڵگەوە لە دڵی تاك دەچەسپێت، منداڵ لە چاوی خۆیەوە سەیری ژیان دەکات و لە بەربەست و ئاستەنگەکان تێناگات.

کاتێك ئەم منداڵانەی چینی خوارەوە دەچنە قوتابخانە و پاشان دەبنە هەرزەکار، چەندین بەربەرست و لەمپەر دێتە پێشیان وەك (هاوڕێکانیان لە هەمان چینی خۆیانن و ئاستی ئابورییان باش نییە، دواتر هەندێکیان واز لە خوێندن دەهێنن، دایك و باوکی ئەم هەرزەکارانە بەگشتی خوێندەوار نین و ڕێژەی تەڵاق لەم چینە زۆرە، یان کاتێك یەکێك (دایك، باوك) گیان لەدەست دەدەن ژیانی ئەمانە قورستر

دەبێـت، زۆرجاریش دایك و باوکیان کاری جەستەیی دەکەن و ماندوون و ناتوانن کات بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن، هەندێك جاریش لەوانەیە منداڵەکان کاربکەن و ئەندامی خێزانیان زۆرە، منداڵ و هەرزەکارەکان ژوری تایبەت بەخۆیان نییە، ناتوانن کرێی خوێندن بدەن تاکو بچنە قوتابخانەی تایبەت و نمونەیی....).

دواجار بەهۆی ئەم بەربەستانەوە ئەم گەنجانە ناتوانن سەرکەوتوو بن لەخوێندن و هەموو پۆلەکان ببڕن، قوتابخانەکانیش بەگشتی یەك سیستەمیان هەیە و جگەکاری پەیرەو ناکەن middle class expectation، بۆیە قۆناغ دوای قۆناغ منداڵەکان دڵیان لە خوێندن سارد دەبێتەوە و هیچ هیوایەك نابینن بۆئەوەی ژیانێکی باشتر چاوەڕێیان دەکات.

خۆیان بەجۆرێك دەبینن بەهۆی سیستەم و لەمپەرەکانی کۆمەڵگەوە ناتوانن بەردەوامبن و خۆیان بەراورد دەکەن بە منداڵی چینی خۆشگوزەران و دەبینن ئەوان چەند دەرفەتیان لەپێشە، بۆیە حەزیان لە خوێندن نامێنێت و لەکۆتایدا بەگشتی دەبنە سێ دەستە:

1. کوڕانی کۆلێژ College Boys:

ئەمانە بەهاوکاری ماڵەوەیان، بەهۆی پێداگری خۆیان، دەتوانن بەسەر هەموو ئاڵەنگارییەکان زاڵبن و زانکۆ تەواو بکەن، ئەمانە کەمینەی چینی خوارەوەن و دەیانەوێت ببنە ئەو کەسەی کە کۆمەڵگە پەسەندیان دەکات، بڕوانامە دەرفەتیان دەداتێ تاکو بتوانن ژیانێکی باشتر بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمانە بەهۆی ئەوەی بڕوانامەیان هەیە و قوربانییەکی زۆریان داوە دەتوانن ببنە کەسێکی سەرکەوتوو و دوور دەبن لە تاوان، دەتوانن بزاوت لە ژیانیان دورست بکەن و ببنە جێگای شانازی دایك و باوکیان.

2. کوڕانی سەرشەقام Corner boys:

ئەمانە واز لەخوێندن دەهێنن و ناتوانن ببنە کەسێکی سەرکەوتوو، دەرفەت و کاتەکانیان لەدەست دەدەن، چانس و ژیانێکی سنورداریان هەیە، کاری پچڕ پچڕ و کەم داهاتی دەبێت blue colour job، بەگشتی ژیانێکی هەژارانەیان دەبێـت و لای کەسێك کاردەکەن، دەبنە کرێکار و خزمەتگوزار لە کۆمەڵگە، دوای تەواوبونی کاری ڕۆژانە خۆشی نازانێت چی دەکات و پلان و ئامانجی چییە...

3.گەنجانی لادەر Delinquent Boys:

ئەمانەش واز لەخوێندن دەهێنن، هاوڕێی خراپیان دەبێت، حەزی هەبون و ژیانی خۆش وایان لێ دەکات بیر لە تاوان و لادان بکەنەوە. دەزانێت دەرفەتە ڕەواکانی لەدەست چووە و ناتوانێت ئەوشاتانەی هەبێت کە بەمنداڵی خەونی پێوە بینیوە، بەڵام دەشیەوێت ئەوشتانەی هەبێت کە کۆمەڵگە بۆ تاکی دیاری دەکات و ناتوانێت دەست بەربدات لە خەونەکانی منداڵی، ناتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەی بەشێوەیەکی ڕەوا بەرجەستەیان بکات؛ بۆیە پەنادەباتە بەر تاوان و لادان تاکو پیشانی کۆمەڵگەی بدات ئەمیش بونی هەیە و خاوەنی ئەو شتانەیە کە پێویستە تاك هەیبێت. بۆیە دژی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە و تۆڵە لە کۆمەڵگە دەکاتەوە چونکە ئەمی لە ژیانێکی خۆش و دەرفەتە ڕەواکان بێبەری کردووە. ( سورێن ئەکرەم، 2021، 96)

**بەپێی ئەم تیۆرەی تاوانناسی بێت بەهۆی سەرنەکەوتنی تاك لە قۆناغەکانی خوێندن و هۆشیارنەکردنەوەی تاك لە مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان هۆکارن بۆ ئەوەی تاکێکی ئالودەبوو دروست بێت، بۆیە ئەم تیۆرە پێمان دەڵێت سەرکەوتنی تاك لە خوێندن مانای سەرکەوتنیەتی لە ژیان و دوربونیەتی لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و ماددە هۆشبەرەکان.**

**دووەم: تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی social control theory**

پێشەنگەکانی ئەم تیۆرە سودیان لە تیۆری ئانۆمی دۆرکهایم وەرگرتووە، پێیان وایە لاوازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و لاوازی ئینتیمای تاك لە کۆمەڵگەدا هۆکاری سەرەکی تاوان و لادانە.

**تراڤیس هیرشی تیۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی لە کتێبەکەیدا بەناوی( causes of delinquency هۆکارەکانی پێشێلکاری) لەساڵی 1969 بڵاوی کردەوە، پێی وایە لادان و تاوان کاتێك ڕوودەدات کە پەیوەندی تاك بەکۆمەڵگەوە لاوازبێت. نەمانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ئازادبونی تاك لە ڕەفتار سەرئەنجام تاوان و لادان دروست دەکات، هەرکاتێك سودی قازانج زیاتربێت لە سزا ئەوکات تاوان بەرزدەبێتەوە و تاك لە سزا ناترسێت. ئەو دەڵێت تاك بە چوار پەیوەندی دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵگەوە:**

1. ئینتیما و وابەستەیی Attachment

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


دەزگاکانی بەکۆمەڵایەتیکردن کۆمەڵێك نۆرم و یاسا دەدەنە تاك و لە دەرونی جێگیری دەکەن، پێی دەڵێن چی باشە و چی خراپە؟ چی پەسەندە و چی ناپەسەندە؟... هەتا تاك ئینتیمای بۆ ئەو یاسا و نۆرمانەی کۆمەڵگە زیاتربێت کەمتر توشی تاوان دەبێـت و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە چونکە ئەم بەهایانە کەتەلۆگی ڕەفتاری تاکە و کۆمەڵگە قبوڵیکردوون و بەتاك دەڵێن چۆن ڕەفتار بکات.

2. بەڵێن و پابەندی Commitment
تاك خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت کە نابێـت زیانی بۆ ئەوانی تر هەبێت، کاتێك ئەم هەستەی دەبێت توشی تاوان و لادان نابێت، هەروەها تاك کاتێك لە ڕەفتاری هەڵە بەدور دەبێت پێگە و ڕێز بەدەست دەهێنێت بەڵام بە کارێکی هەڵە لەوانەیە هەرچی شتە لەدەست بدات کە بریتین لە (ناوبانگ، پلە و پایە، سەرمایە، کار، ڕێز،....) بۆیە تاك هەست بە بەرپرسیاری دەکات بەرامبەر بەخۆی و نایەوێـت ئەم دەستکەوتانە لەدەست بدات.

3. بەشداری و تێکەڵ بوون Involvement
بەشداریکردن لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سەرقاڵ بون بە کار و پیشە جیاوازەکانەوە دەرفەتی تاوانکردن کەم دەکاتەوە، ئەوانەی سەرقاڵی (کار، وەرزش، ژیانی کۆمەڵایەتی، خوێندن....)ن فشار و دڵەڕاوکێیان کەمترە بۆیە هەتا تاك تەنیاتر و دواتر بێـت لە کۆمەڵگە و فشاری زیاتر لەسەربێـت زیاتر لە تاوان نزیك دەبێتەوە.

4. بیروباوەڕ Belief
هەتا بیروباوەڕی تاك لەگەڵ کۆمەڵگەدا تەبابێت و بیروباوەڕی کۆمەڵگە لای تاك پیرۆز و بەهادارتربێـت کەمتر توشی تاوان دەبێـت، بڕوا بە سیستەم و بەهاکانی کۆمەڵگە وا لەتاك دەکات پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە بەهێزبێت، کاتێك تێڕوانینی تاك لەگەڵ هی کۆمەڵگە یەکسان و تەبا نییە تاوان و لادان زۆردەبێت و خۆی لێ لانادات وە بەپێچەوانشەوە هەر ڕاستە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێرشی دوو کۆنترۆڵ دیاری دەکات کە وا لەتاك دەکات دوربێت لەتاوان و لادان

1.کۆنترۆڵی خودی یان دەرونی internal control

لەم دۆخەدا؛ ویژدان، هەستی گوناه، ترسان لە ئازاری پەشیمانی، پاراستنی دەستکەوتە خودییەکان، ترسان لە ئازاری سزا و پێبژاردن.... وا لەتاك دەکات کۆنترۆڵی خۆی بکات و لەتاوان دوربێت.

2. کۆنترۆلی دەرەکی (فەرمی ونافەرمی) external control

کامیرەی چاودێری، قوتابخانە، خانەی خواپەرستی، تەمبێ کردن، ئابڕوچون و پیشاندان لە تیقی، زڕانی ناوبانگ.... وا لەتاك دەکات کە لە تاوان کردن بترسێت. بە نەمانی ئەم دوو هۆکارە ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگە زۆر و بڵاو دەبێت، بۆیە دەزگا پەیوەندی دارەکان دەبێت پێداگربن لەسەر هێشتنەوەی ئەو ئامرازە کۆمەڵایەتییانەی کۆنترۆڵکردن . ( سورێن ئەکرەم، 2021، 99)

بەپێی ئەم تیۆرەی تاواناسی دەگەینە ئەو بڕوایەی کە کۆنترۆڵنەکردن و سەرپەرشتی نەکردنی قوتابی هۆکارن بۆ ئەوەی ڕوبکاتە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان.

## تەوەرەی دووەم/ لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

### بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کاری مەیدانی توێژینەوەکە.

**یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و هەڵبژاردنی نمونە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**أ. کۆمەڵگەی توێژینەوە :**

دیاری کردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە، هەڵبژاردنی کۆمەڵگەیەکی توێژینەوەی دروست هەنگاوێکی گرنگە لە گەیشتن بە ئەنجامێکی دروست (Kareem, K. F. (2020). ، بۆ ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتیە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر.

**ب. هەڵبژاردنی نمونە:**

هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیەش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە( 100) قوتابی ئامادەیمان لە تەمەن و ڕەگەزی جیاواز هەڵبژاردووە.

**دووەم: میتۆدی توێژینەوە و بوارەکانی**

**1. میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە، ئەم میتۆدە زانیاری لەسەر ژمارەیەکی دیاری کراوی دانیشتوان کۆدەکاتەوە، دواتر ئەنجامەکەی دەگشتێنێت بەسەر تەواوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، وەك ئەوەی لە زانستی پزیشکیدا بۆ شیکاری نەخۆشییەکان سرنجێك خوێن لە نەخۆشەکە وەردەگیرێت و پاشان ئەنجامی شیکردنەوەی خوێنەکە دەشگتێنرێت بەسەر تەواوی خوێنی جەستەی کەسەکە.

**2. بوارەکانی توێژینەوە:**

**أ) بواری شوێن:** سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی دەشتی هەولێر.

**ب) بواری مرۆیی**: ئەم توێژینەوەیە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، کەبریتین لە (53 ) قوتابی لە ڕەگەزی نێر و ( 47 ) قوتابی لە ڕەگەزی مێ وەرگیراون.

**ت) بواری کات**: ئەم توێژینەوەیە لە ڕێکەوتی (2021/9/1) دەست کراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بواری تیۆری و لە ( 2021/10/21) کۆتایی هات، بەڵام بواری پراکتیکی لە 2021/9/20

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستمانکرد بە دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و 1/10/ 2020 تەوەری پراکتیکی ئەنجامەکان کۆتایی هات.

**سێ یەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان**

**1. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.**

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین ئامرازی گرنگ هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن. ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە ( گوگڵ فۆرم).

**2. کەرەستە ئاماریە بەکارهاتووەکان:**

بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە بەرنامەی کۆمپیوتەری SPSS بەکارهاتووە.

**بەشی پێنجەم: خستە رووی زانیاییە بەدەستهاتووەکان**

| ژ | پرسیار | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئایا لە پرۆگرامەکانی خوێندن هیچ بابەتێك تەرخان کراوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان؟ | %18 | %37 | % 45 | ٪١٠٠ |
| 2 | ئایا هەتا ئێستا لە قوتابخانەکەتان هیچ خولێك کراوەتەوە بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان؟ | %5 | %12 | %83 | ٪١٠٠ |
| 3 | ئایا هەتا ئێستا لە قوتابخانەکەتان هیچ سیمینارێك پێشکەشکراوە بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان؟ | %39 | %40 | %21 | ٪١٠٠ |
| 4 | ئایا هەتا ئێستا لە قوتابخانەکەتان هیچ پسپۆڕێك بانگهێشتکراوە و قسەبکات بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە ماددە هۆشبەرەکان؟ | %14 | %29 | %57 | ٪١٠٠ |
| 5 | ئایا هەتا ئێستا لە قوتابخانەکەتان هیچ گەشتێکی زانستی ئەنجام دراوە بۆ دەزگاکانی چاکسازی تاکو لە نزیکەوە ئەو زیندانییانە ببینین کە ئالودەی مادەی هۆشبەر بوون؟ | %19 | %28 | %53 | ٪١٠٠ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 6 | ئایا لە قوتابخانەکەتان هیچ بڵاوکراوە و برۆشۆرێك بڵاو کراوەتەوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان؟ | %26 | %34 | %40 | ٪١٠٠ |
| 7 | ڕێنماییکارانی پەروەردەیی تاچ ئاستێک ڕۆڵیان هەبووە لە خستەنەڕووی مەترسیەکانی مادەهۆشبەرەکان؟ | %22 | %26 | %52 | ٪١٠٠ |
| 8 | مامۆستایان تاچ ئاستێک ڕۆڵیان هەبووە لە خستنەڕووی مەترسیەکانی مادەهۆشبەرەکان؟ | %17 | %15 | %68 | ٪١٠٠ |
| 9 | ئایا لە قوتابخانەکەتان و لەکاتی کوبونەوەی دایبابان تیشك خراوەتە سەر مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان؟ | 11% | 32% | 57% | ٪١٠٠ |
| 10 | ئایا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە هیچ بابەتێکت دیوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان؟ | %5 | %14 | %87 | ٪١٠٠ |
| 11 | ئایا هیچ فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریت لە قوتابخانە بۆ پەخشکراوە لەسەر مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان؟ | %56 | %20 | %24 | ٪١٠٠ |
| 12 | ئایا لاوازی یان نەبونی پەیوەندی لەنێوان قوتابخانە و خێزانی قوتابی هۆکارە بۆ زۆربونی ژمارەی ئالودەبووان بە ماددەهۆشبەرەکان؟ | %10 | %7 | %83 | ٪١٠٠ |
| 13 | ئایا لە قوتابخانەکەت ماوە یان هیچ هەفتەیەك تەرخان کراوە لەسەر بەرەنگاربونەوە و بڵاوکردنەوەی مەترسییەکانی ماددەهۆشبەرەکان؟ | %53 | %28 | %19 | ٪١٠٠ |
| 14 | ئایا خەمساردی و لاوازی دەستەی کارگێری قوتابخانە هۆکارن بۆ زۆربونی ژمارەی ئالودەبووەکان؟ | 59% | 26% | 20% | ٪١٠٠ |
| 15 | ئایا شکاندنی کەسایەتی قوتابی و توندوتیژی لە قوتابخانە هۆکارن بۆ زۆربونی ژمارەی ئالودەبووەکان؟ | %65 | %19 | %16 | ٪١٠٠ |
| 16 | ئایا وەك گەنجێك زانیاری پێویستت هەیە لەسەر شوێنەوار و زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان؟ | %23 | %18 | %59 | ٪١٠٠ |
| 17 | ئایا پێت وایە لەداهاتوویەکی نزیك ژمارەی ئالودەبووەکان بە مادەهۆشبەرەکان زیاتر دەبن؟ | %22 | %16 | %62 | ٪١٠٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 18 | هاوپۆلەکانت تاچ ئاستێک ڕۆڵیان هەبووە لە خستەنەڕووی مەترسیەکانی مادەهۆشبەرەکان؟ | %29 | %35 | %36 | ٪١٠٠ |
| 19 | ئایا تا ئێستا هیچ قوتابییەکی ئاڵودەبووی مادە هۆشبەرەکانت بینیوە لە قوتابخانە؟ | %3 | %1 | %96 | ٪١٠٠ |
| 20 | ئایا پێت وایە یەکێك لە ئەرکەکانی وەزاراتی پەروەردە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان؟ | %60 | %37 | %3 | ٪١٠٠ |
| 21 | ئایا پێت وایە بڵاونەکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئالودەی ماددەی هۆشبەربن؟ | %67 | %29 | %4 | ٪١٠٠ |

**ئەنجام**

1. لە پرۆگرامەکانی خوێندن بەپێی پێویست بابەتێکی ئەوتۆ تەرخان کراوە و لە قوتابخانەکاندا خولی ڕۆشنبیری نەکراوەتەوە سەبارەت بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.
2. سمینار و کۆڕ نەبەستراوە و پسپۆڕی جیاواز بانگهێشت نەکراوە و قسەبکات بە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.
3. لە قوتابخانەکان گەشتی زانستی ئەنجام نادرێت و برۆشۆر بڵاو ناکرێتەوە بۆ ئاگاداربونی قوتابییان لە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.
4. مامۆستایان، دەستەی کارگێڕی، ڕێنماییکارانی پەروەردەیی نەیانتوانیوە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لە هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی قوتابییان لە مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان.
5. لەکاتی کوبونەوەی دایبابان تیشك نەخراوەتە سەر مەترسییەکانی ئالودەبونی تاك بە مادده هۆشبەرەکان ولە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەش گرنگی نەدراوە بە ڕونکردنەوەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان.
6. لەقوتابخانەکان فیلمی دۆکیۆمێنتاری پێشکەشناکرێت و هەفتەی ڕۆشنبیری تەرخان نەکراوە لەسەر ڕونکردنەوەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان.

7.قوتابییان زانیارییان نییە لەسەر مەترسییەکانی مادە هۆشبەرەکان، شکاندنی کەسایەتی قوتابی، توندوتیژی لە قوتابخانە و لاوازی پەیوەندی نێوان خێزانی قوتابی و قوتابخانە هۆکارن بۆ زۆربونی ریژەی ئالودەبووان.

پێشنیاز

بە شیکردنەوە و تێگەشتن لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، دەتوانین چەند پێشنیازێك بخەینە ڕوو تاکو وەزارەتی پەروەردە و لایەنی پەیوەدیدار بتوانین ڕۆڵ و کاریگەری زیاتریان هەبێت وەك:

1. تەرخانکردنی بابەتێك تایبەت بە گرفتەکانی قۆناغی هەرزەکاری و گرفتەکانی پێش گەنجان وەك (ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان، گۆچی گەنجان بۆ هەندەران، هۆکارەکانی زۆربونی تەڵاق، دەرونزانی هەرزەکار...) تاکو قوتابیانی ئامادەیی زیاتر درك بە دەرفەت و مەترسییەکانی ژیانیان بکەن.
2. کردنەوەی خولی رۆشنبیری بۆ (مامۆستیایان، ڕێنمایکارانی پەروەردە، قوتابییان...) و بایەخدان بەم بابەتە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ئەنجامدانی گەشتی زانستی...
3. ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان مەترسییەکی گەورە و تیرۆرێکی سپییە، بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەم بابەتە زۆر بەهەند وەربگرێت و هەوڵبدات ڕۆڵ و کاریگەری زیاتری هەبێت لەسەر قوتابییان.

## سەرچاوەکان


*1.* فائیز ئیبراهیم محەمەد، ( 2013 )**کۆمەڵناسی خوگرتن بە مادده هۆشبەرەکان**، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لا *8*.

2. *Jonathan H Turner, (2006),* ***Handbook of Sociological Theory****, Library of Congress Cataloging-in-Publication Data, UK, p 61.*
3. *Horst Jurgen Helle (1985),* ***Perspectives on Sociological Theory, Vol. 1, Macro-Sociological Theory****, SAGE publication, Delhi, p 89.*
4. *John Rex, (1998),* ***Key Problems of Sociological Theory,*** *Founded by KARL MANNHEIM The International Library of Sociology, new York, p 103.*
5. *Geoff Whitty, (2003),* ***Sociology and School Knowledge_ Curriculum Theory, Research and Politics****, This edition published in the Taylor & Francis e-Library, London, p 56.*

6. *Patricia J. Gumport , (2007) , **Sociology of Higher Education_ Contributions and Their Contexts,** The Johns Hopkins University Press, London, p41*
7. *Geoff Whitty, (2002), **Making Sense of Education Policy_ Studies in the Sociology and Politics of Education,** Paul Chapman Publishing Ltd, A SAGE Publications Company, London, p 88.*
8. *Mark H. Munn, (2000), **the School of History: Athens in the Age of Socrates**, University of California Press, USA, P 113.*
9. *Mark H. Munn, 2000, 133*
10. *Hilary Cooper, (1995), **History in the Early Years (Teaching and Learning in the First Three Years of School,** SAG publisher, USA, P158.*
11. *Lez Smart, (1994), **Using I.T. in Primary School History-Continuum,** British Library Cataloguing-in-Publication Data, UK, p 49**.***
12. لامار ئەلیکسەندەر،( 2007)، **رێنوێنی دایکان و باوکان بۆ پەرەپێدانی دنیایەکی دوور لە ماددەهۆشبەرەکان**، و. مستەفا مەعروفی ،دەزگاری موکریانی، چاپخانەی خانی، 2007،لا 47.
13. مەهدی بەدری، (2007)، **ماددەهۆشبەرەکان و بڵاوبونەوەی لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا**، چاپخانەی خانی، هەولێر، لا 69
14. عەلی مورتەزەوی،( 2009)، **قاچاخی نێونەتەوەیی ماددەهۆشبەرەکان و یاسای نێونەتەوەیی**، و. باوکی مانی، دەزگاری چاپ و پەخشی ئاراس،هەولێر،لا 55.
15. *David W. Self **and** Julie K. Staley Gottschalk, (2010), **Behavioral Neuroscience of Drug Addiction,** Springer Heidelberg Dordrecht, London, p221.*
16. *Arthur Blume, (2005), **Wiley series on treating addiction - Treating drug problems**, John Wiley & Sons publisher, Canada, p62.*
17. األستاذ المساعد الدكتور مسعود حميد إسماعيل & ,نورالدين صابر المدرس المساعد هاوری. (2018). Legal protection of the consumer from manipulating the validity date Analytical study in light of the provisions of the Iraqi Consumer Protection Law No.(1) of 2010. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *3*(3), 200-234.
18. *Rahman Shafiqur, (2016), **the molecular basis of drug addiction- [Progress in Molecular Biology and Translational Science Volume 137],** Academic Press is an imprint of Elsevier, New York, p 201.*
19. *Avram Goldstein, (2001), **Addiction _ from biology to drug policy**, Oxford University Press, UK, P229.*
20. *Committee on Opportunities in Drug Abuse Research, Institute of Medicine, (1996), **Pathways of Addiction_ Opportunities in Drug Abuse Research**, National Academies Press, Washington, p 251.*
21. *D. C. Des Jarlais and others, (1991), **Drug Addiction and AIDS,** Springer-Verlag Wien press, London, p 188.*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


22. *Fight The New Drug, (2013), **Fortify_ A Step Towards Recovery -** Fighting Pornography Addiction-O.W.L. Publishing, Canada, p 123.*
23. *George F. Koob and others, (2014), **Drug, Addiction and the Brain**-Elsevier publisher, UK, p 89.*
24. *JAMES N. PARKER, M.D. AND PHILIP M. PARKER,, (2004) , **Drug Addiction - A Medical Dictionary, Bibliography,** Publisher, Health Care: Philip Parker, Washington, p 99.*
25. *Marina Barnard and Fergal Keane, (2006), **Drug Addiction and Families**, Jessica Kingsley Publishers, London and Philadelphia, p 147.*
26. *Nancy D. Campbell and Elizabeth Ettorre, (2011), **Gendering Addiction_ The Politics of Drug Treatment in a Neurochemical World**, Palgrave Macmillan publisher, UK, p 164.*
27. *Rafael Maldonado, (2002) **Molecular Biology of Drug Addiction**, Humana Press, new York, p 258.*
28. *William Dudley, (2014), **Synthetic Drug Addiction**, Reference Point Press, San Diego, P 213.*
29. م. م كارزان فقى خليل. (2017). آثار وأسباب المخدرات الرقمية ومعالجتها من منظور إسالمي. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *2*(3), 204-224.
30. Kareem, K. F. (2020). Methods and preventive measures for juveniles from committing a felony from an islamic perspective. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *5*(4), 428-448.
31. المدرس المساعد كارزان فقي خليل كريم, & األستاذ الدكتور زياد محمود العاني. (2018). Effect of knowledge of the reasons for descent in the actual application of the Holy Quran. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *3*(3), 86-109.
32. Muhammed, H. K., & Mustafa, B. M. T. (2021). The Legal and Economic Aspects of a Free Zone Setting Up Possibility in Ibrahim Al-Khalil Area in The Kurdistan Region of Iraq. *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *6*(2), 785-823.
33. Ahmed, A. B., & Hakeem, H. I. (2021). National influences in Turkish foreign policy:(The fountain of peace operation as a sample). *QALAAI ZANIST SCIENTIFIC JOURNAL*, *6*(2), 1-39.


# The Role of School in Raising Awareness of Students About The Dangers of Drug Adicction.

**Suren Akram Hamanajm**
Department of Sociology, College of Law an International Relation, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan region, Iraq
surenakram@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *School, Durug Addiction, social impact of Adiction, Rol ofschool against drug addiction, social control theory, Subcultural Theory of delinquent*

## Abstract

According to the research plan, the first chapert is dedicated for the dimensions of the study and the definition of concepts, the first is dedicated to the dimensions of the study, in which the research (problems, importance, objectives, and hypothesis) are presented. In the second case, the definition of concepts (role, school, addiction, and drug) is defined. The second chapter is dedicated to exposing the drug addiction of individuals. The third chapter is special to analyzing the phenomenon of drug addiction in the view of two social theories the second axis is the practical aspect of the research, which is presented in the fourth part (the research community, the research sample, the research method, the used statistical framework). The fifth chapter is dedicated to presenting and analyzing the information obtained, and then the results and suggestions are presented.

## ملخص:

وفقا للخطة البحثية، فإن الجزء الأول من بحثنا هو أبعاد الدراسة وتحديد المفاهيم، الأول مخصص لأبعاد الدراسة وفيها (المشاكل، تم عرض أهمية الدراسة وهدفها وفرضيتها، وفي الجزء الثاني، يتم تعريف المفاهيم (الدور,المدرسة,الإدمان ,المخدرات) في الجزء الثاني. الجزء الثاني مخصص لكشف إدمان المخدرات للأفراد. الجزء الثالث خاص بتحليل ظاهرة إدمان المخدرات في نظر نظريتين اجتماعيتين المحور الثاني هو أيضا الجانب العملي من البحث ويتم عرضه في الجزء الرابع (مجتمع البحث ، عينة البحث ، طريقة البحث ، الإطار الإحصائي المستخدم). ويكرس القسم الخامس لعرض وتحليل المعلومات التي تم الحصول عليها، ومن ثم يتم تقديم النتائج والاقتراحات.